

## قۆناغی (١٦)ی جامی یەکێتی ئاسیا

# سبەی یانەی هەولێر ڕووبەڕووی یانەی زەورا دەبێتەوە

ڕێبین ڕەمزی



گوڵان
ژمارە (٧٣٤)
٢٠٠٩/٥/٢٨



لەمیانی یارییەکانی قۆناغی (١٦)یەمی جامی یەکێتی ئاسیا یانەی هەولێر دەبێتە میوانی یانەی زەورا لە شاری دوبەی لە وڵاتی ئیمارات، لەم قۆناغە هەردوو یانە تەنیا یەك یاری ئەنجام دەدەن و دەبێ یارییەکە بە بردنەوەی یەکێك لەم دوو یانەیە کۆتایی پێ بێت، ئەم یارییە سبەی سێشەممە کاتژمێر (٦)ی ئێوارە بە کاتی کوردستان ئەنجام دەدرێت، لەم یارییە هەردوو یاریزان مسلم موبارك و هەردی نوردین دەگەڕێنەوە پێکهاتەی یانەی هەولێر و ڕەنگە یاریزان ویسام زکی بتوانێ بەشداری لەم یارییە بکات و هەروەها هەر سێ یاریزان ساماڵ سەعید و لوئەی سەلاح و حوسێن عەبدولواحید بەشداری ئەم یارییە دەکەن، بەڵام یاریزان سەعد عەتیە ناتوانێ لەم یارییە بەشداری بکات بەهۆی وەرگرتنی کارتی سوور لە یارییەکی ڕابردوو، ئەمەش دەبێتە کێشەیەکی گەورە بۆ یانەی هەولێر هەرچەندە لەم یارییە لە شوێنی سەعد عەتیە یاریزان حیدەر جەبار بەشداری دەکات، دەبێ لەم یارییە ڕاهێنەر سائیر ئەحمەد شێوازی یاریکردنی بگۆڕی، چونکە شێوازی یاریکردنی ٣-٤-٣ بووە هۆی دروست بوونی بۆشاییەکی گەورە لە یانەی هەولێر و هەروەها هێڵی بەرگری لاوازییەکی گەورەی پێوە دیار بووە لە یاری نێوان هەولێر و عەرەبی، دەبێ سائیر ئەحمەد بیر لەوە بکاتەوە ئەم یارییە چارەنووسازە بۆ یانەی هەولێر و دەبێ دووبارە سەیری یارییەکەی هەولێر و عەرەبی بکاتەوە بۆ ئەوەی گشت خاڵە لاوازەکان چارەسەر بکات و هەروەها سەیری یارییەکانی یانەی زەورا بکات بۆ ئەوەی بزانی خاڵی بەهێزی یانەی زەورا چییە، و خاڵی لاوازی چییە، یانەی زەورا لە هێڵی هێرشبەری پشت بە یاریزان سالار عەبدولجەبار دەبەستێت کە یاریزانێکی زۆر بە توانایە و گۆڵکارە دەبێ یاریزانەکانی هێڵی بەرگری زۆر ئاگاداری ئەم یاریزانە بن، هەرچەندە یاری نەکردنی یاریزانی هێڵی هێرشبەر عیمار کازم و هەردوو یاریزانی هێڵی ناوەراست حەیدەر سەباح و سەجاد حوسێن زۆر کاریگەری لە یانەی زەورا دەکات چونکە ئەم یاریزانانە هێڵی بەهێزی یانەی زەورایە، جەماوەر یانەی هەولێر زۆر نیگەران بوو لە ئاستی یانەی هەولێر لە یارییەکەی بەرامبەر یانەی عەربی کوێتی، چونکە لەم یارییە یانەی هەولێر ئاستێکی زۆر خەراپی نیشاندا، ئەوەی جێگای سەرسووڕمانە یانەی هەولێر لەم پاڵەوانتیە یاریزانەکانی زۆر کارتی زەرد وەردەگرن و هەروەها زوو توڕە دەبن یاریە نییە لەگەڵ یاریزانانی تیپی بەرامبەر یان ناوبژیوان کێشە دروست نەکەن، کە دەبێتە وەرگرتنی کارتی زەرد یاخود سوور دەبێ دەستەی کارگێری یانەی هەولێر چارەسەرێکی خێرا بۆ ئەم کێشەیە بدۆزێتەوە بۆ ئەوەی لە دوا ڕۆژ تووشی گرفت نەبین، هیواداریت سبەی سێشەممە یانەی هەولێر دڵی جەماوەرییەکی خۆش بکات بگاتە قۆناغی هەشتەمی ئەم پاڵەوانتیە بۆ یەکەمجار لە مێژووی خۆیدا.

**ئەمەی خوارەوەش خشتەی یارییەکانی قۆناغی (١٦)ییە**

زەورا — هەولێر    یاریگای دوبەی کاتژمێر ٦ ئێوارە

بسێتین بەحرین — کەرامە سوریا

عەرەبی کوێت — سەفا لوبنان

کوێت کوێتی — دیمبۆ هیندی

مەجەد سوریا — نیڤتچی ئۆزبکستان



# داستان کەماڵ :
# داوا لە بەرپرسان دەکەم یارمەتیمان بدەن



**داستان کچە پایسکیل سواری ئاست بەرزی یانەی برایەتی و هەڵبژاردەی عێراق، لە دایکبووی ساڵی (١٩٨٩)ی شاری سلێمانییە، یەکێکە لە یاریزانە هەرە بە تواناکانی شاری سلێمانی و بگرە لەسەر ئاستی کوردستان و عێراقیش لە چەندین پاڵەوانیەتی لەسەر ئاستی وڵاتانی عەرەب و کوردستان و عێراقە، خاوەنی میدالیای جۆراو جۆرە هەر ئەم ئاست بەرزیەشی وای لێ کردووە کە بەردەوام لە لایەن زۆربەی یانەکان چاودێری بکرێت بۆ یاریکردن بۆ ریزی ئەم یانانە، ئێمەش لە دەرفەتێك دا توانیمان دیمانەیەك لەگەڵ ئەم کچە پاڵەوانە ئەنجام بدەین.**

**دیمانە: گۆڤاری گوڵان – سلێمانی**

*** ئاستی پایسکیل سواری چۆن دەبینی لە کوردستان؟**

- هەست دەکەم وردە وردە بەرەو پێش دەچێت لە چاو ساڵانی رابردوو بە تایبەتی بۆ کچان لە یاری پایسکیل سواری.

*** ئایا ئێوەی کچ رێگریتان لێ ناکرێت بۆ وەرزشی کوردستان؟**

- ئەوەی راستی بێت ئەمە لەسەر خانەوادە کەوتووە، بەڵام لە کۆمەڵگەی کوردەواری رێگر زۆر هەیە، بەڵام سەبارەت بە خۆمەوە زۆر هاوکاری دەکرێم لە لایەن ماڵەوە بە تایبەتی دایك و باوکم.

*** بۆ چی یانەی نەورۆزت جێهێشت؟**

- لە راستی ئەمە لەبەر چەند کێشەیەك بوو، راستە یانەی نەورۆز پشتگیری یاریزانانیان دەکرد، بەڵام من باسی خۆم دەکەم کە غەدریان زۆر لەمن کرد، چونکە یاریزانی تازەیان بۆ هاتبوو، راهێنەر زۆر دژایەتی منی دەکرد.

*** بۆچی نەچوویتە یانەکانی تری شاری سلێمانی و یانەی برایەتی هەولێرت هەڵبژارد؟**

- لە راستی تاکە یانە بوو کە من هەڵیبژێرم رێزی یاریزانیان زۆر لایە، پشتگیری یاریزانان دەکەن، دەمێك بوو حەزم دەکرد لە ریزی ئەم یانەیە وەرزش بکەم.

*** کێشە و گرفتەکانتان چین لە پایسکیل سواری؟**

- گرفتەکانمان دابین نەکردنی کەرستەی پێویست و یانەی برایەتی ئێستا هەموو کەل و پەلێکی بۆ دابین کردین، بەڵام یانەکان کێشەی کەرستەی پێداویستیان هەیە، راهێنەری یانەی نەورۆز پاسەپۆرتی منی داگیرکردووە بەبێ هیچ هۆکارێك، داواکارم بە زووترین کات بۆمنی بگەرێنێتەوە.

*** ئەنجامنەدانی پاڵەوانیەتی زوو زوو نابێتە هۆکاری نزمبوونەوەی ئاستیان؟**

- بۆ دابەزین بێ گومان ئاست دادەبزێ، بەڵام ئێمە مەشقەکانمان دەکەین، پاڵەوانیەتیەکە لە کاتی خۆی نەبێت تووشی ساردبونەوە دەبین، بۆیە پێویستە پاڵەوانیەتی زوو زوو بکرێتەوە باشترە.

*** داواکارێت چییە لە بەرپرسانی وەرزشی؟**

- داواکارم بە پێ پێویست کەل و پەلەکانمان بۆ دابین بکەن، وەکو پایسکیل.

*** هیوا و ئاواتت وەکو کچە کوردێك چییە؟**

- ئەنجامێکی باش بە دەست بێنم لەسەر ئاستی کوردستان و عێراق و لەسەر ئاستی وڵاتانی دەرەوەش.

*** جگە لە پایسکیل سواری چ یارییەکی تر ئەنجام دەدەیت؟**

- پێشتر یاریزانی گۆڕەپان و مەیدان و یارییەکانی تریشم کردووە، بەڵام ئێستا تەنیا یاری پایسکیل سواری دەکەم.

*** لەگەڵ هەڵبژاردەی عێراق هەر ماوی؟**

- بەڵێ، بەردەوامم.


*** راستە تا ئێستا دیاری سەرۆکی لێژنەی ئۆلۆمپی کوردستان وەرنەگرتووە؟**

- بەڵێ، وەرمنەگرتووە ئەویش هۆکاری بۆ ئەوە دەگەرێتەوە بۆ کەمتەرخەمی راهێنەرەکەم و یانەی نەورۆز پێشتر بوو، ئێستاش بە بێ هیچ بۆنێك هاتوومە ریزی یانەی برایەتی زۆر سوپاسی یەکە یەکە سەرۆك و ئەندامانی یانەی برایەتی دەکەم کە زۆر بە گەرمی پێشوازییان لێ کردم.

*** دوا وتەت چییە؟**

- سوپاسی راهێنەری یانەکەم و یاریزانان و سەرۆکی یانە و سەرپەرشتیارەکەم دەکەم، هیوادارم گوڵان ببێتە پەیامێکی جوان بۆ گشت خوێنەران ئێستا بێ گومان یەکێکە لەسەرکەوتوترین گۆڤارەکانی کوردستانە بە بێ جیاوازی خزمەتی وەرزشوانانی شارەکان دەکات.

# کامیان دەبێتە پاڵەوان




**میسی :**

## به دەستهێنانی نازناوی وەرزی ئەمساڵ هیوا و ئاواتمە چونکە وەرگرتنی نازناوی باشترین یاریزانی جیهانی ئاسان دەبێ

**زۆر کەس وای بۆ دەچی کە میسی باشترین یاریزانە لە جیهان، میسی بە خۆشی ئەم بۆچوونەی هەیە و دەڵێ من ئەو رۆژەم لە پێشە کە ببمە باشترین یاریزان لە جیهان، خەڵکیش دەزانن ئەم نازناوە دەدرێتە کام یاریزان، دەدرێتە ئەو یاریزانەی کە نازناو و خەڵاتەکان ماچ دەکات، ئەگەر هاتوو لەگەڵ بەرشلۆنە نازناوی خولی ئەوروپامان بردەوە ئەوا رێگام بۆ خۆش دەبێ بۆ وەرگرتنی نازناوی باشترین یاریزان لە جیهان.**

*** دەکرێ بزانین لە ئینگلتەرە یاری دەکەیت، چونکە چاودێران وای بۆ دەچن حولی ئینگلتەرە بەهێز و خۆشترە لە خولی لالیگا؟**

- خولی ئینگلیزی و لالیگا دوو خولی بەهێزن لە خولەکانی تری جیهان راستە هەموو یاریزانێکی پیشەگر هیوای و ئاواتی ئەوەیە لە ئینگلتەرە یاری بکات و باش دەزانم زۆر یانەی ئینگلیزی بەنیازن لە وەرزی داهاتوو بۆندی بەهام پێشکەش بکەن و لە رێزیان یاری بکەم و من ئێستا زۆر رازیم لە تاقیکردنەوەم لە یانەی بەرشلۆنە و خۆشحاڵیشم کە یاری لە بەرشلۆنە دەکەم سەر بەرزیشم، گەر ویستم بەرشلۆنە جێ بهێڵم بە تەئکید روو لە خولی ئینگلتەرە دەکەم.

*** زۆر کەس دەڵێ کە تۆ باشترین یاریزانی لە جیهان، تۆ چ یاریزانێکت پێ باشە؟**

- ئەمە شتێکی گرانە، بەڵام من سامۆئیل ئیتۆ بە باشترین یاریزانی هێرشبەر لە ئەوروپا دادەنێم چونکە گۆڵکارێکی زۆر باشە و رێگای گۆڵ بە ئاسانی دەدۆزێتەوە و باشترین یاریزانە لە ناوچەی سزای تیپی بەرامبەر بە گرِوتینێکی بەهێز یاری دەکات ئەم نیشانەیە لە زۆر یاریزان بەدی ناکرێ.

*** چی دەڵێت بەرامبەر کریستیانۆ رۆناڵدۆ، ئایا هەستت بە دڵ تەنگی نەکرد کە نازناوی باشترین یاریزانی ئەوروپا و جیهانی وەرگرت؟**


- ئەمە دڵگرانم ناکات و راوبۆچوون و دەنگەکان درا بە رۆناڵدۆ، بەڵام گەر سەیر

بکەین من و ئەو هیچ جیاوازییەکان لێ بەدی ناکرێ، هیوادارم ئەمجارەیان ئەم هەلەم بۆ برەخسێ و نازناوی باشترین یاریزانی جیهانی ئەوروپی وەربگرم ئەگەر هاتوو نازناوی وەرزی ئەمساڵی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا ببەنیەوە، نابێ ئەوەش لەبیر بکەین شوێنی یاریکردنمان جیاوازە، دەست نیشانکردنم بۆ پسپۆران دەگەرێتەوە و کەچی کاتی ئەوە هاتووە ببمە باشترین یاریزان لە جیهان.

**( لیونێل میسی بە ژمارە)**

میژووی لە دایکبوون : ٢٤-٦-١٩٨٧
رەگەزنامە : ئەرژنتینی
ژمارەی پاڵەوانیەتی: ٩
ژمارەی گۆڵەکانی: ٨
لێدانی تۆپ بۆ گۆڵ : ٢٤
ناردنی تۆپی کاریگەر : ٤
ئەو هەڵانەی دژی تۆمارکراوە : ١٩
ئەو هەلانەی خۆی تۆماریکردووە : ٨
کارتی زەرد: ١
کارتی سوور : نییە

# ـــی یانەکانی ئەوروپا؟



**رۆنالْدۆ :**

**ئێمە دەبێ مێژووی تۆپی پێی بگۆڕین و بۆ وەرزی دووەم لەسەر یەکدی ئەم نازناوە ببەینەوە**

**ئەستێرەی بەناوبانگی پورتوگالی و یاریزانی هێرشبەری یانەی مان یۆنایتدی ئینگلیزی کریستیانۆ رۆناڵدۆ هیوا و ئاواتی بە دەستهێنانی نازناوە یاریزانی یەکەمی جیهان دەڵێ دوور نییە نازناوی خولی ئەمساڵی یانەکانی ئەوروپا ببەینەوە سەرەڕای ئەوەی یارییەکی زۆر زەحمەتە، بەڵام دەمانەوێ نازناوی پارساڵ دووبارە بکەینەوە کەچی زۆر کەس ئەم بۆچوونەی من بەشتێکی گران دەزانێ و رۆناڵدۆ زیاتر دەڵێ ئاواتی سەرەکی و خەونی هەمیشەیم بە دەستهێنانی مۆندیالە لەگەڵ هەڵبژاردەی پورتوگاڵ.**

* وەرزی ئەمساڵ بۆ تۆ زەحمەت بوو بەهۆی پێکانە، بەڵام ئەو گۆڵە جوانەی بەرامبەر پۆرتۆی پورتوگالی تۆمارکرد ئاست و توانی لەشتی گەڕاندەوە دۆخی جاران، ئێستا هەست بە چی دەکەی؟

- هەست بەوە دەکەم کە توانای لەشم زۆر باشە و متمانەیەکی زۆرم بەخۆ هەیە و من ئامادەم بۆ یاری کۆتایی ئاواتم زیاتر بە دەستهێنانی نازناوەکانە.

*** لە وەرزی رابردوو (٤٢) گۆڵت تۆمارکرد زۆر زەحمەتە ئەم ژمارەیە دووبارە ببێتەوە؟**

- ئەم وەرزە زۆر لە وەرزی رابردوو گرانتر و زەحمەتە و هیوادارم بتوانم زۆرترین گۆڵ لە وەرزی داهاتوو تۆمار بکەم و لێی بەردەوام دەبم.

*** تا چەند هەلتان لە پێشە بۆ پارێزگاریکردن لە نازناوی پارساڵتان؟**

- ئێمە تا ئەمڕۆ بە جوانترین شێوە کارەکانمان ئەنجام دەدەین و یاریزانی گەورەمان هەیە و متمانەشمان زۆر بە خۆمان هەیە و لەسەر ئەم شێوازەش بەردەوام دەبین هیچ یانەیەك نەیتوانیووە کە دوو وەرز لەسەر یەکدی نازناوی خولی یانەکانی ئەوروپا بباتەوە، بۆیە ئێمە دەمانەوێ مێژووی تۆپی پێی بگۆڕین و وای بۆ دەچم ئێمە شایستەی ئەوەین.

*** دیارە ماوەیەکە یانەی مانچستەر یۆنایتد لە خولی یانەکانی ئەوروپا بەرەو قۆناغەکانی پێشەوە دەڕوات کەچی پێشتر لەسەرەتاییەکان ماڵئاوایی دەکرد نەدەچووە قۆناغی کۆمەڵەکانیش؟**


- وای بۆ دەچووم ئەزموونمان بەرەو پێش و لە زیادبووندایە ئێمە پاڵەوانی خولی یانەکانی ئەوروپا و جیهانین و شارەزایی کەش و هەوای هەموو خولەکان بووین و دەزانین چۆن مامەڵی لەگەڵدا دەکەین.

*** لە یاریگای خۆتان لە شوباتی ساڵی (٢٠٠٥)وە تا ئێستا هیچ یارییەکتان نەدۆڕاندنەوە و ئەمەش ژمارەیەکی پێوانەییە، ئەمە چی بۆ تۆ دەگەیەنێ؟**

- ئۆڵترافۆرد شوێنێکی مەزنە و پیرۆزە بۆ یاریکردن، جەماوەریشمان هۆکارێکی سەرەکییە بۆ ئەم سەرکەوتنەکەمان دەبنە پاڵپشت بۆچوون بەرەو پێشەوە و متمانەمان بۆ زیاد دەکەن، جەماوەری مان یۆنایتد زۆربەی هاوکارمانن لە یاریگای خۆمان و لە دەرەوەش، ئەمەش دەبێتە هۆکارێك کە هەردەم بیر لە سەرکەوتن بکەینەوە.

**( کریستانۆ رۆناڵدۆ بە ژمارە)**

- رۆژی لە دایکبوونی : ٢٥-٢-١٩٨٥
- رەگەزنامە :پورتوگالی
- ژمارەی پاڵەوانیەتی : ٩ پاڵەوانیەتی
- ژمارەی گۆڵ : ٢ گۆڵ
- لێدانی تۆپ بۆ گۆڵ: ٥٠
- ناردنی تۆپی کاریگەر : ١
- ئەو هەڵانەی دژی تۆمارکراون : ٣١
- ئەو هەڵانەی تۆماریکردوون : ٩
- کارتی زەرد : ١
- کارتی سوور : نییە



# باشترین گۆڵچی جیهانە لەماوەی ٢٠ ساڵی ڕابردوودا

## بوفۆن لەسەرەتادا یاریزانی هێڵی ناوەڕاست بوو

ئا: فایلی وەرزش

لەتەمەنی دە ساڵیدا یاریزانی هێڵی ناوەڕاست بوو لە یانەی پارما، ئاستی بەرز بوو و گۆڵی زۆری تۆمار دەکرد، بـــەڵام بوفۆن نەیدەزانی لەچارەنووسی نووســـراوە کە ڕۆژێك لە ڕۆژان دەبێتە باشـــترین گۆڵچی جیهان، ئەو بەردەوام بوو لەیاریکردن وەك یاریزانی هێڵی ناوەڕاســـت و جێگای متمانەی ڕاهێنەرەکەی بوو، کاتێك گۆڵچی یانەکە تووشـــی پێکان دێت، ڕاهێنەر داوا لە بۆفۆن دەکات ببێتە گۆڵچی، لەیەکەم یاریدا بەرامبەر یانەی میلان ئاســـتێکی بەرز پێشکەش دەکات و دەبێتە جێی سەرنجی هەموو لایەك، بەم شێوەیە بەردەوام دەبێت لەیاریکردن و ماوەیەك پێش ئێستا بە باشترین گۆڵی جیهان داندرا لەماوەی ٢٠ ساڵی ڕابردوودا.

جیانلویجی بوفۆن گۆلچی هەڵبژاردەی ئیتاڵیا و یانەی یۆڤانتس بە (جی جی) ناســـراوە،لە ١٩٧٨/١/٢٨ لـــە شـــاری کارارای ئیتاڵی لە دایکبووە، زۆربەی کەسە نزیکەکانی وەرزشوان بوون، ئەدریانۆی باوکی یلریزانی بەرزکەرەوەی قورســـایی بووە،ڤیرۆنیکا و گیندالینا کانتای خوشـــکی یاریزانی تۆپی بالەبـــووە، ئەنجیلۆ ماسوکۆی مامی یاری تۆپی باسکەی دەکرد، لۆرێنزۆی بـــرازای گۆڵچی بـــووە هەروەها ماریا ســـتیلای دایکی وەرزشوان بووە،ئەمەش کاریگەری هەبووە بۆ ئـــەوەی ئەویش دنیای تۆپی پێ هەڵبژیرێت. لـــە یاریەکدا بەرامبەر هەڵبـــژاردەی ڕووســـیا لەشـــاری مۆســـکۆ لەپاڵاوتنـــی مۆندیالـــی ١٩٩٨ی فەرەنســـا گۆڵچـــی ئەو کاتـــەی هەڵبـــژاردەی ئیتاڵیا تووشی پێکان هات،ڕاهێنەر بە ناچاری بوفۆن بانگهێشت دەکات،ئەو کات تەمەنی تەها نۆزدە ساڵ بوو،لەو کاتە بەفر دەباری،بوفۆنیش بەوە ناســـراوە کە جلوبەرگی زستانە ناپۆشێت،بۆیە ئاواتـــی ئەوە بـــوو بە زووتریـــن کات یاریەکە کۆتایی پێ بێت، دوای ئەوە ئیتاڵیا گەیشتنی بـــۆ مۆندیال مســـۆگەر کرد، ســـەبارەت بەم یاریـــە دەڵێت"کاتی کۆتایـــی هاتنی یاریەکە یەکێك بوو لە خۆشـــترین ســـاتەکانی ژیانم".

دواتر لە مۆندیالی ١٩٩٨ بانگهێشـــتی ریزی هەڵبژاردەی ئیتاڵیا کرا بەڵام لە هیچ یاریەکدا یاری نەکرد.دوای ئەوە لەپاڵاوتنەکانی یۆرۆی ٢٠٠٠ بڕبڕەی پشتی هەڵبژاردەکەی بوو بەڵام بێبەختـــی ڕووی تێ کرد ئەویش دوای ئەوەی تووشی پێکان دێت و ناتوانێت بەشداری یۆرۆ بکات و پارێزگاری لە گۆڵی کۆترە شینەکان بکات،ئەمەش ڕێگاخۆشـــکەر بوو بۆ ئەوەی تۆڵدۆی گۆڵچی ئێســـتای ئینتەر شـــوێنی بگرێتەوە.دوای پێشکەشـــکردنێکی ئاستێکی بـــەرز بەشـــێوەیەکی بەردەوام لەگـــەڵ یانەی پارما و هەڵبژاردەی وڵاتەکەی،چەندین یانەی





بەناوبانگی ئەوروپا ویستیان بۆندی لەگەڵ مۆر بکەن،لەسەرووی هەمووشیانەوە مانچستەر یونایتد و بەرشەلۆنە و یۆڤی،دواجار چووە ریزی یانەی یۆڤانتسەوە. لەساڵی یەکەم دا نازناوی سکۆدێتۆی لەگەڵ یانەکەی بەدەستهێنا. لەمۆندیالی ٢٠٠٢ لەگەڵ هەڵبژاردەکەی گەیشتە قۆناغی شازدەمی پاڵەوانیەتەکە،دواتر بەرامبەر کۆریا دۆڕان، هەندێ کەس هۆکاری دۆراندنەکەیان خستە ئەستۆی ناوبژیوان بەڵام جی جی گوتی"ناکرێت هەموو شتێك بخەینە ئەستۆی ناوبژیوانان،پێویستە بیر لە مۆندیالی داهاتوو بکەینەوە".لەوەرزی دووەمی لەگەڵ یۆڤی گەیشتنە یاری کۆتایی چامپیۆنس لیگ، بەڵام لەیاری کۆتاییدا بەرامبەر میلان، یۆڤی دۆڕا دوای ئەوە بوفۆن بە باشترین یاریزانی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا دەستنیشانکرا ئەمە لەکاتێکدا کە بە دەگمەن ئەم نازناوە بە گۆڵچی دەبەخشرێت. هەر هەمان ساڵ بە باشترین گۆڵی ئیتاڵیا و جیهان داندرا،جگە لەمانەش جارێکی تر یانەکەی خولی ئیتاڵیای بەدەست هێنا بۆیە ئەو ساڵە لای بوفۆن زۆر خۆش بوو.ئیتاڵیەکان لە یۆرۆی ٢٠٠٤ بە دەستی بەتاڵ ماڵئاواییان کرد،ئەمەش هۆیەکەی بەهۆی خراپی ئاستی هێرشبەرەکانی.لە وەرزی ٢٠٠٤_٢٠٠٥ جارێکی تر نازناوی کاڵچیۆی لەگەڵ یانەکەی بەدەستهێنا سەرەڕای ئەوەش بە باشترین گۆڵچی داندرا. یەکێك لە خەونەکانی جی جی بەدەستهێنانی نازناوی مۆندیال بوو،کە ٢٤ ساڵ بوو ئیتاڵیا لێی بێبەش بوو، بوفۆن و هاورێکانی بوونە پاڵەوانی مۆندیالی ٢٠٠٦،لەو پاڵەوانیەتەدا بو فۆن تەنها دووگۆڵی لێکرا،یەکێکیان لەلایەن زاکاردۆی هاونیشتمانی کە بە هەڵە گۆڵی کرد،ئەوی تریان بە لێدانی سزا بوو لەلایەن زێدانەوە .دوای مۆندیال یۆڤی دابەزییە پلەی دووەم بە هۆی یاریکردن بە ئەنجامی یاریەکانەوە،چەند یاریزانێك یانەکەیان جێهێشت،جی جی وەفاداربوو بۆ یانەکەی بۆیە مانەوەی هەڵبارد و دوای بەدەستهێنانی پلەی یەکەم جارێکی تر گەڕایەوە خولی یانە پلە یەکەکانی ئیتاڵیا. بوفۆن گلەیی ئەوە دەکات کە بە پێی پێویست یانەکەی یاریزانی بەناوبانگ ناهێنێتە ڕیزەکانیەوە،لەبەر ئەمەیە دوو ساڵی ڕابردووش یۆڤی هیچ نازناوێکی ئەوروپی یان سکۆدێتۆی نەبردۆتەوە،ئەم ساڵیش بەهەمان شێوە لەرکابەرایەتیکردنی نازناوەکە دوورکەوتەوە و ڕێگەی بۆ ئینتەر خۆش کرد بۆ جاری سێیەم لەسەر یەك ببێتە پاڵەوانی کالچۆ.

کەمێك دێینە سەر باسی ژیانی تایبەتی بوفۆن،ژیانی هاوسەری لەگەڵ شاجوانێکی وڵاتی چیك پێکهێناوە، درەنگ دێتە ڕاهێنانەکان،حەزدەکات بچێتە دیسکۆکان،یەکەم درێسی کە ژمارە ١٢ بوو تا ئێستا لای خۆی پاراستووە، هەموو ئەو پەنارتیانەی تۆمارکردووە کە نەی هێشتووە ببێتە گۆڵ و ئەوانەش کە بوونەتە گۆڵ. نموونەی بەرزی بوفۆن گۆڵچی پێشووی هەڵبژاردەی کامیرۆن(نکۆنۆ) یە،لەساڵی ١٩٩٠ ەوە پێی سەرسامە.

بۆفۆن بەوە ناسراوە کە یایزانێکی هێمن و لەسەرخۆیە،کەچی دوای ئەوەی ماوەیەك پێش ئێستا لەگەڵ یانەی لیچی بەرامبەر بوون،دێتە ژووری خۆگۆڕینی یاریزانان و خۆی توڕەدەکات و دەڵێت"چۆن دەبێت وەها یاری بکەن"یاکوینتای هاورێی دەڵێت"بۆفۆن زۆر تووڕە بوو،ئێمەش هەستمان بەوە کرد و بە خۆمان گوت ناکرێت بەو شێوەیە یاری بکەین".

سەرچاوەکانی هەواڵ باسی گەڕانەوەی فابیۆ کاناڤارۆی کاپتنی ئیتاڵیا و بەرگریکاری ڕیال مەدرید دەکەن بۆ یانەی یۆڤانتس،هەندێ کەس دژی ئەمەن لەبەر ئەوەی کاتی خۆی کاناڤارۆ یۆڤانتسی بەجێهیشت، بەڵام بوفۆن بەپێچەوانەوە حەزدەکات کاناڤارۆ بگەڕێتەوە و بە پاڵەوان ناوی دەبات. ئێستا یۆڤی لە بارێکی خراپدایە،دەمێکە نازناوی نەبردۆتەوە،بوفۆنیش تینووی نازناوەکانە،ئێستا چەندین یانەی بەناوبانگ بەنیازن بیکرن،لەوانە میلان و مانچستەر یونایتد و مانچستەر سیتی و بەرشەلۆنە و چێلسی،بەڵام هێشتا بوفۆن دوا بڕیاری خۆی نەداوە.

